برای بەڕێز

کاك عارف باوەجانی / وتەبێژی کاتی پارتی سەربەستیی کوردوستان

زۆر بە سوپاسەوە نامەی پرسەو سەرخۆشی لێکردنی (خاتو سورەیا سیراجەدین) مان پێ گەیشت لە بەڕێز تانەوە .

کۆچی ناوەختەی سورەیا خانم غەم و پەژارەیەکی گەورە بوو بۆ میللەتی کورد بە تێکرایی و بۆ کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد لە ئەمەریکای باکوور بە تایبەتی ، چونکە کەلێنێکی گەورەو جێگایەکی بەتاڵی بەجێهێشت لەنێوان مرۆڤی لێهاتوو و کارامەو کوردپەروەراندا.

سورەیا خانم لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا هەوڵێکی زۆری دابوو بۆ پاڵپشتی کردنی لە مەسەلەی کوردو چارەنووسی کورد وە بە تایبەتی ئافرەتی کورد. وە هەروەها بەهەمرو توانایەکی خۆیەوە کاری دەکرد لەپێناوی یەکخستنەوەی بەرەکانی کوردی کوردوستانی رۆژهەڵات و سەربەخۆیی کوردوستان، بەڵام بەداخەوە کە بەرهەمێکی تەواوەتی رەنجەکانی خۆی نەبینی پێش ئەوەی چاوی ماڵئاوایی لەیەك بێ .

ئیتر جارێکی کەش سوپاسی هاوبەشیتان دەکەین لە پەژارەماندا

براتان

د. سامان شاڵی

سەرۆکی KNC

کالیفورنیا/ ٦-٨-٢٠٠٦